## پیرەوی ناوخوی

### مـادەی یـەکـەم

بەندی یـەکـەم

أ- نـاو : کۆمەڵەی خوێندکـارانـی کـورد لـە ئەوروپـا

* کۆمیتەی بە ڕێوەبەری گشتی لە زووترین کاتی رەخساودا وشەی ( کورد ) یان ( کوردستان ) جێگیر دەکات.

ب- پێناسین : کۆمەڵە ڕێکخراوێکی خوێندکارانەی کوردستانی ، پیشەیی ، دیموکراسی ، پێشکەوتنخوازی سەربەخۆیە ، پێک دیت لە خوێندکارانی کورد و ڕۆڵەی کەمە نەتەوەیی یەکانی کوردستان کە لە دەرەوە دەژین ، وە دژە بە ئیمپریالیزم و .کۆنەپەرستی و زایۆنیزم و ئەو رژێمە کونەپەرست و دکتاتۆری و فاشی یانەی کە کورد دەچەوسێننەوە ، وە بە شێکە لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد لە پێناوی بەدیهێنانـــی مافی چارەنووســـی خۆ.

بـەندی دووەم : ئەرك و ئامانجەکانی کۆمەڵە :

١ ـ هەوڵ دان بۆ پاراستن و بەهێزکردنی یەکێتی ریزەکانی بزووتنەوەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا و پتەوکردنی پەیوەندی و دۆستایەتی لە نێوان ئەندامەکانی دا ، بۆ یارمەتی دان و نە هێشتنی گیروگرفتـە ئاکادیمی و کۆمەلایەتی یەکانیان .

٢ـ بەشداری و پشتگیری لە خەباتی رزگاریخوازی و دیموکراسی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان دا لە پێناوی بە دیهینانی مافی چارەنووسی خۆ.

٣ـ پەیداکردن و پتەوکردنی دۆستایەتی و هاوکاری لەگەل هەموو ڕێکخراوە پێشکەوتنخوازەکانی لاوان و خوێندکارانی جیهان و هێنانەکایەی رول و چالاکی کۆمەڵە لە ریزی یەکێتی قوتابیانی جیهانی و پشتگیری خەباتی گەلانی ژێردەست و هەموو بزووتنەوە شۆرشگیریە پێشکەوتنخوازەکانی جیهان .

٤ ـ پاراستنی ویژەو کلتووری نەتەوایەتی و سوود وەرگرتن لە بیری زانستی و روشنبیری پیشکەوتنخواز لـــە جیهان .

٥ ـ بەهێزکردنی پەیوەندی لە نیوان خوێندکارانی کورد و ئەو دەربەدەر و کرێکارە کوردانەی کە بۆ دەرەوەی کوردستان کۆچیان کردووە یان بە زۆر کۆچیان پێ کراوە.

٦ ـ هەلسان بە کۆرو کوبوونەوەی تایبەتی و گشتی بو خوێندکارانی کورد و زیاندنەوەی روژو یادە میژوویـــــی و جەژنە نەتەوایەتی و نیشتمانی یەکان .

٧ ـ نواندنی چالاکی بو پەیداکردنـی هاوکاری بو گەلی کورد و گەلانی چەوساوەی جیهان .

٨ ـ پەیداکردن و برەودان بە پەیوەندی لەگەل ریکخراو و دەزگا دەولەتی یەکان لە پیناوی روون کردنــەوە و ناساندنی بارودوخی سیاسی گەلی کوردمان و بزووتنەوەی رزگاری خوازەکەی .

٩ ـ ئاگاداری و چاودیری کردنی بارودوخی خوێندکارانی کورد لە رووی خوێندن و هاندانیان بـــە بەرەو پێشەوە چوونی رادەی زانست و زانیاریان و گەرانەوەیان بو بەشداری لە خەباتی رزگاری خوازی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان دا .

١٠ ــ دەرکردنی ئۆرگانێکی ناوەندی بە ناوی " کوردستان " و هەروەها بڵاوکراوەی تر بە زمانی کوردی و زمانە بیگانەکان •

١١ ــ پشتگیری کردنی هەموو هەوڵدانێکی زانستیانە بۆ هێنانە کایەوەی زمان و نووسینی یەکگرتووی کوردی و بڵاوکردنەوەی ئەو نووسراوانەی کەلە خزمەتی مێژوو و کەلتووری گەلی کورد دانەو دەولەمەندی دەکەن •

مــــــــادەی دووەم

بەندی یەکەم

أ ــ بوون بە ئەندام : هاتنە ریزی کومەلە بە پێشکەشکردنی داوا بە نووسین بۆ لق یان بۆ کومیتەی بەریوە ــ بەری گشتی و بە پەسندکردنی لق و بریاری " ك • ب • گ " دەبێت •

ب ــ مەرجەکانی ئەندامێتی : هەموو خوێندکاریکی کورد و کەمە نەتەوەیی یەکانی نیشتەجێی کوردستان کە لە ئەوروپا خەریکی خوێندنە مافی ئەوەی هەیە ببێتە ئەندام لە ریزی کومەلە ئەگەر :

١ ــ بڕوای بە سیاسەت و ئامانجەکانی کۆمەلە هەبیت و ملکەچی پێڕەوی ناوخۆ بکات •

٢ ــ ئابوونەی ئەندامیتی " سالانە " بدات •

٣ ــ بەشداری لە چالاکی یەکانی کومەلە بکات •

٤ ــ لە هیچ کومەلەیەکی خوێندکاری کوردی یان کوردستانی تردا ئەندام نەبێت •

بەندی دووەم " مافەکانی ئــــــەندام "

١ ــ هەموو ئەندامیکی کومەلە وەکو یەك مافی دەنگ دان و هەلبژاردن و هەلبژێردرانی هەیە •

٢ ــ هەموو ئەندامێکی کومەلە مافی ئەوەی هەیە لە کۆنگرەو کوبوونەوەکانی کومەلەدا دان و ستاندن بکـــــاتو بە ڕاشکاوی بۆچوونی خوی دەر ببرێت و بەرگری لێ بکات •

٣ ــ هەر ئەندامێك هەست بەوە بکات کە مافی خوراوە دەتوانی داوای لێ پرسینەوە بکات لە رێگای کۆمیتەی لق یان یان کۆمیتەی بەرێوەبەری گشتی یان لەرێی کۆنگرەی گشتی یەوە •

٤ ــ هەموو ئەندامێك مافی ئەوەی هەیە داوای یارمەتی لە کۆمەلە بکات بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی لەکاتی پێویستدا •

بەندی سییەم : ئەرکەکانی ئەندام

١ ــ کارکردن بو بە جێ هێنانی ئەو بەرنامە و سیاسەتەی کە کۆنگرە و کونفرانسەکانی کۆمەلە بریاری لەسەر دەدەن

٢ ــ پابەندی بەو بریارو بۆچوونانەی کە لە دەزگا بەریوەبەریتی یەکانی کومەلەوە ئاراستە دەکرین •

٣ ــ جێ بەجێ کردنی پێڕەوی ناوخۆی کومەلە •

٤ ــ بەرەنگاربوونەوەو خەبات کردن دژی چەوسینەرانی گەلی کورد و هەموو بیریکی کونەپەرستی و شوفینی و رەگەزپەرستی و گیانی گوشەگیری و دوورەپەریزی •

٥ ــ پاراستنی یەکیتی ریزەکانی کومەلەو پەرەپیدانی •

بەندی چوارەم : ســــــزادان

سزادان هوکاریکی دیسپلینی یە بو پاراستنی کومەلە ، روو بەرووی دەزگاکانی کۆمــــەلــــە و ئەندامەکانی دەکریت ،لە کاتیك دا کە زیان بە بەرنامەو یەکێتی و ریبازی گشتی کـــومـــەلـــە

بدرێت ،یان لەکاتی لادان لە پێڕەوی ناوخۆ و هەڵسان بەکاری دژ بە سەرەتا و ئامانجەکانی کۆمەڵەو گەلی کورد و بزووتنەوەی ڕزگاری خوازە دیموکراسی یەکەی ،یان لەکاتی پشت گوێ خستنی ئەرکەکانی لە ریــــــــزی کومەڵەدا .

جـــــــورەکانی ســـــزا :

١ ـ سەرنج ڕاکیشانی سەرزارەکی لەلایەن کومیتەی لقەوە .

٢ ـ سەرنج ڕاکیشانی بە نووسراوە لەلایەن کومیتەی لقەوە .

٣ ـ سڕکردن : ئەگەر ئەندام گوێی نەدایە سەرنج ڕاکێشان و لەسەر باری خۆی مایەوە ،ئەوا لەلایەن کۆمیتەی لقەوە پێشنیاری سڕکردنی دەکرێت و ك . ب . گ بڕیاری لەسەر دەدات.

٤ ـ دەرکردن لە ریزی کومەڵەدا : دەرکردن لە ریزی کۆمەڵەدا دوا پلەی سزادانە. کۆمیتەی لق دەستنیشانی دەرکردنــی ئەندام دەکات و کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی ڕەزامەندی خۆی لەسەر دەردەبڕێ و کۆنگرەی گشتی کومەڵە بڕیاری لەسەر دەدات.

## مـــادەی ســـێیەم

### قــەوارە و دەزگـاکانــی کــومەڵـــە

أ ـ کونگرەی گشتی :

١ ـ بەرزترین دەسەڵاتە و هەر دوو ساڵ جارێك پێك دێت.

٢ ـ کۆنگرە لە ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گــشتی و ئەو ئەندامانەی کە لە کونگرەدا ئامادەدەبن پێك دێت.

ئــــەرك و دەسەڵاتەکانی کونگرەی گشــــــتی

١ ـ هەڵبژاردنی لیژنە بەڕێوەبەرەکانی کونگرە .

٢ ـ لە ڕاپورتی سیاسی دەکولیتەوە و بڕیاری لەسەر دەدات ؛

٣ ـ لە ڕاپورتی " ك . ب . گ " و ڕاپورتی دارایی دەکولیتەوەو بڕیاری لەسەر دەدات .

٤ ـ پروگرام و پیرەوی ناوخوی کومەلە بە پێی پێویست دەگۆڕێ و بڕیاری لەسەر دەدات .

٥ ـ بە دەنگ دانی نهێنی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی هەڵدەبژێری .

٦ ـ ڕەنگ کیشانی سیاسەتی کۆمەڵەو دانانی بەرنامەیەك بو نێوان دوو کونگرە .

٧ ـ هەموو بڕیارێك بە زۆربەی دەنگ وەردەگیرێت ( ٥٠٪ + ١ )

کۆنگرەی کت وپـــــــڕ :

پێك دێت لە کـاتـێك دا ئـــەگـــەر :

٢/٣ ژمارەی ئەندامانی کۆمەڵە یان ٢/٣ ی ژمارەی ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی داوایان کرد .

ب ـ کۆمیتەی بەڕیوەبەری گشتی :

١ ـ بەرزترین دەسەڵاتە لە کومەڵەدا لە نیوان دووکونگرەی گشتی دا .

٢ ـ لە ( ١٩ ) ئەندام و (٣) ئەندامی جێ گر پێك دێت .

٣ ـ ئەندامانی جێگر وەکو ئەندامانی تری کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی لە کۆنگرەدا بە دەنـــگ دانـــی نهێنی هەڵدەبژێردرێـــــــن . وە دەتوانن لە کۆبوونەوەکان و چالاکی یەکانی " ك . ب . گ " دا

بەشداری بکەن ، بەلام مافی دەنگ دانیان نیە ٠
٤ ــ " ك ٠ ب ٠ گ " لە یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی دا ئەندامانی سکرتاریەت و سکرتێری گشتی و جێگری سکرتێری گشتی و (دوو ئەندامی جێگر) دیاری دەکات و کاروبار بەسەر ئەندامانی " ك ٠ ب ٠ گ " دابەش دەکات ٠ وە ئەندامانی " ك ٠ ب ٠ گ ٠ " بەرامبەر ئەرکە تایبەتی یەکانی سەر شانی خۆیان و ئەرکی گەلەپەری کۆمیتە بەر پرسیارن ٠

ئـــەرك و مافـــەکانی کومیتەی بەریوەبەری گشتـــی

١ ــ بەلایەنی کەمەوە هەر شەش مانگ جارێك کۆد ەبێتەوە ٠
٢ ــ لێ پرسراوە لە جێ بەجێ کردنی بریارەکانی کۆنگرە ٠
٤ ــ چاودێری هەلسوران و چالاکی و کاروباری لقەکانی کۆمەلە دەکات و سەرپەرشتی پەیوەندی و هاوکاری نێوان لقەکان دەکات ٠
٤ ــ لێ پرسراوە بەرامبەر ئامادەکردنی کۆنگرەی گشتی و دانانی بەرنامەی کاری کۆنگرە ٠
٥ ــ لقەکان لە چالاکی یەکانی خۆی و رادەی جێ بەجێ بوونی بریارەکانی کۆنگرە ئاگادار دەکاتەوە ٠

ج ــ سکرتاریەتی " ك ٠ ب ٠ گ ٠ " و ئەرك و مافەکانی

١ ــ لە ( ٩ ــ ١١ ) ئەندام پێك دیت ٠
٢ ــ هەر دوو مانگ جارێك کۆد ەبێتەوە ٠
٣ ــ لەیەکەمین کۆبوونەوەی خۆی دا کاروبار بەسەر ئەندامانی دابەش دەکات ٠
٤ ــ بە بەردەوامی چاودێری چالاکی لقەکان و ئەندامانی " ك ٠ ب ٠ گ ٠ " دەکات و سەرپەرشتی پەیوەندی و هاوکاری نێوانیان دەکات ٠
٥ ــ بەبەردەوامی راپۆرتی چالاکی یەکانی خۆی بۆ ئەندامانی " ك ٠ ب ٠ گ ٠ " و لقەکان دەنێری ٠
٦ ــ لێ پرسراوە لە ئامادەکردنی کۆبوونەوەکانی " ك ٠ ب ٠ گ ٠ "

د ــ لـــــــق :

١ ــ لە هەر وولاتێك پێنج ئەندامی کۆمەلە هەبێت دەتوانری بە بریاری " ك ٠ ب ٠ گ ٠ " لەو وولاتە لقێك دروست بکرێت ٠
٢ ــ کۆبوونەوەی گشتی سالانەی لق گەورەترین دەسەلاتی لقـــە ٠
٣ ــ لە هەر وولاتێك ژمارەی ئەندامان لە پێنج کەس کەمتر بوو ئەوا " ك ٠ ب ٠ گ " سەرپەرشتی کاروباری ریکخستنیان دەکات ٠

کۆمیتەی بەریوەبەری لق و ئەرك و مافەکانی :

١ ــ لە ( ٣ ــ ٧ ) ئەندام پێك دیت و لە کۆبوونەوەی گشتی سالانەی لق هەلدەبژێرێ و لە کۆبوونەوەی یەکەمی خۆیان سکرتێری لق لە نێوان خۆیان هەلدەبژێرن ٠ بەرزترین دەسەلاتی لقە لە نێوان دوو کۆبوونەوەی سالانەدا
٢ ــ لێپرسراوە لە جێ بەجێ کردنی بریار و ئامۆژگاری یەکانی کۆنگرە و " ك ٠ ب ٠ گ " و کۆبوونەوەی گشتی سالانەی لق ٠

٣ ــ بە شێوەیەکی بەردەوام راپۆرتی چالاکی و دارایی لق و نامەی کۆبوونەوەکانی لق دەنێرێ بۆ سکرتاریەتــــی " ك ٠ ب ٠ گ "

٤ ــ ماوەی نێوان کۆبوونەوە ئاساییەکانی لق وکۆمیتەی لق دەوەستێتە سەر بارودوخی لقەکان و لەکۆبــوونــەوەی گشتی سالانەی لق دیاری دەکرێت ٠

## مــــــادەی چــــــوارەم

١ ــ دارایی کۆمەڵە لە ئابوونەی ئەندامان و یارمەتی دۆست و ئەندامان و دەستکەوتی چالاکییەکانی کۆمەڵــە و نرخی چاپکراو و بلاوکراوەکانیکۆمەڵە پێك دیت ٠

٢ ــ لقەکان ٢٥٪ی دەستکەوتی سالانەیان دەنێرن بۆ " ك ٠ ب ٠ گ " ٠

٣ ــ ئابوونەی سالانە پازدە " ١٥ " دولاریان بەرامبەرەکەیەتی بە پێی نرخی رەسمی ئەو ولاتەی ئەندامــــی تێدا دەژی ٠

## مــــــادەی پێنجــــــەم

" زمــــــانــــــی کــــــومــــــەڵــــــــە "

زمانی رەسمی کومەڵە زمانی کوردی یە ٠ لە کاتی پێویستدا دەتوانری سوود لە زمانەکانــــی تــــریــــش وەرگیرێــــت ٠

---

کۆنگرەی یەکگرتووی مەڵبەندە خوێندکارییە کوردی و کوردستانییەکان لــە ئــە وروپــــــــا

١٩ــ١٩٨٨/٨/٢١ بەرلینی روژئاوا